# ڕێزدار نەوزاد هادی ، وەک پارێزگارێک مرۆڤێکی شایستەیە

مەحەمەد زراری

ئەوەی شایانی باسە مرۆڤ تا ڕێی نەکەوێتە دامودەزگای حکومەت لە کوردستان بە گشتی و لە هەولێری پایەتەخت بە تایبەتی بۆی دەرناکەوێت ، کە چ بەرپرسێک خزمەت گوزارە و کامیشیان بە خووت و خۆڕایی جێی گرتووە ، بە مانایەکی دیکە ڕێگرە لەبەردەم هەر پێشکەوتنێکدا ، کە کەسانێکی دڵسۆز دەخوازن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بەشداریی بکەن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێک دیتن و ڕامانی خۆم لەسەر دامودەزگای حکومەت بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبردنی پارێزگای شاری هەولێر بە گشتی و خوودی پارێزگاری هەولێر ڕێزدار جەنابی کاک نەوزاد هادی بەتایبەتی بخەمە ڕوو :

1- لە نێو کۆمەلانی خەڵکی شاری هەولێر ڕێزدار نەوزاد هادی وەک پارێزگاری پایەتەخت بە مرۆڤێکی خزمەت گوزار ناو دەبەن. چونکە ئەم پیاوە سەرتاپای شاری هەولێر بەرێزەوە ناوی دەهێنن ، هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە دێت ، کە تارادەیەک خزمەتی شارەکە دەکات، و لە هەمان کاتیشدا بە پێچەوانە لەگەڵ هەندێک بەرپرسی دیکەی شار بە سانایی دەتواندرێت ببینرێت، بەم جۆرە کردەوانە گرەوی خۆی لە نێو خەڵکی شاری هەولێر بردۆتەوە.

2- ئەوەی جێی باسە گەرەکە خەڵکی شاری هەولێر بە گشتی و حکومەتی کوردستان بە تایبەتی پشتیوانی و هاریکاری ڕێزدار نەوزاد هادی بکەن بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی پایەتەختی کوردستان لەسەر شێوازێکی پێشکەوتوو و مۆدێرن ، کە سیمای پایەتەختی پێوە دیار بێت. هەڵبەتە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆمەڵێک خەڵکی شارەزا و پسپۆر لە بوارە جیاکانی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا ، لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی دەرەوەی کوردستاندا ، شارەزایی و پسپۆرییان بە دەست هێناوە و بانگهێشتی کوردستان بکرێنەوەو وەک ڕاوێژکار لە دامودەزگاکاندا ڕۆڵی دیارییان هەبێت. چونکە مخابن ئەوانەی لە کوردستان بە ناوی ڕاوێژکار کار دەکەن ، خەڵکی نەزانن و لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا شارەزاییێکی ئەوتۆیان نییە و دونیای دەرەوەشیان نەبینیوە. ئەگەر جارێ باس لە شارەوانی هەولێر بکەین کارەساتێکە بۆ خۆی ، چونکە ئەوەی شارەزا بێت لەوێدا نابینرێت.

لە دوماهیدا دەڵێم ئەگەر لە کوردستان بە گشتی و لە هەولێری پایەتەخت بە تایبەتی دەیان مرۆڤی پاک و خزمەت گوزاری وەک کاک نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر هەبێت ، بێگومانم کوردستان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا سەرکەوتوو دەبێت.

بە هیوای سەرکەوتن بۆ کاک نەوزاد هادی بەڕێز و هەموو ئەو بەرێزانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە و کاری خزمەت گوزاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان بەجێ دەگەیێنن.

ستۆکهۆلم 27.8.2005

Gara_z@hotmail.com